رۆژی گەل



# دوای لێبووردنی گشتی کێشەی ونبووەکان زیندوو دەبێتەوە

بەشی یەکەم

دوای ئەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لێبووردنی بۆ زیندانیەکان دەرکرد و ٧٩ زیندانی ئازاد کران، پرسیارێک لەنێو شەقامی کوردستان، بە تایبەتیش لەلایەن بنەماڵەی گیراوە بێسەروشوێن کراوەکانی شەڕی نێوەخۆ سەری هەڵدا، کێشەکە زیندوو بۆوە، لەسەر داوای ژمارەیەک بنەماڵەی گیراوە وونکراوەکان و بۆ بەدواداچوونی ئەم پەروەندەیە پەیامنێری رۆژی گەل سەردانی چەندین بنەماڵەی کردووە، هەوڵدەدەین بە زنجیرە بڵاویان بکەینەوە، فەرموون لەگەڵ بەشی یەکەمی ئەم پەروەندەیەدا :



خورشید ئیبراهیم قادر، لە دایک بووی (١٩٥٥). پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووەو کاتی گرتنەوەی هەولێر لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە لە ١٩٩٦/٨/٣١ ، رێکەوتی ١/ ٩ /١٩٩٦ ەوە لەسەر دەستی کەسێکی ناسراو لە هەولێر خۆی داوە بەدەستی پارتیەوەو تاوەکو ئێستا بێ سەرو شوێنە.خاوەنی دوو خێزانە و هەشت منداڵی بێنازە.

بۆ زیاتر ئاشنابوون بە خەمەکانی ئەم خێزانە سەردانی ماڵی کاک خورشیدمان کردوو لە نزیکەوە چەند ئەندامێکی خێزانەکەمان دواند.

**ئەگەر ئەو یەکگرتنەوەیە حەقیقی بوایە دەبوا هەتا ئێستا ئەو خەڵکە سۆراخی هەبوایە**

سەرەتا **مریەم لەتیف قادر** خێزانە گەورەکەی کاک خورشید ووتی:(ئێمە خێزانێکی هەژارین،یەکێتی و پارتی هیچی باشیان بۆ ئێمە نیە، یەکگرتنەوەکەشیان تەنها لە رواڵەتە، گەر یەکتریان گرتباوە، دەبوایە تاوەکو ئێستا کارێکیان بۆ ئاشکراکردنی چارەنووسی ئەوان کردبا، ئەگەر ئەو یەکگرتنەوەیە حەقیقی بوایە دەبوا هەتا ئێستا ئەو خەڵکە سۆراخی هەبوایە،

ئیتر داواکارم لە حکومەتی هەرێم کە ئەو دیلانە ئازاد بکەن.

**ئێمە هەموو کەس و کاری گیراوەکان هەوڵدانێکی بێ سنوورمان کردیە، بەڵام بە حوکمی ئەوەی کە چارەنووسی ئەوانە تەنها لە دەست کاک مەسعود و مام جلال دایە ئەوان وەڵاممان نادەنەوە**

کاک **بەختیار خورشید** کوڕی ونبوو، لەو بارەیەوە گوتی:( یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە هیچی باشی بۆ ئێمە نەکردووە. ئەم یەکگرتنەوەیە تەنها شکلیە بۆ هەندێک هەدەف و مەبەستی تایبەتی خۆیان، ئەم پێکهاتنە شکلییە پێشانی خەڵک دەدەن دەنا لە حەقیقەتدا ئەمە یەکگرتنەوە نییە، بۆیە تەنها داواکاریم ئەوەیە کە ئەو دیلانە ئازادبکەن.

ئێمە هەموو کەس و کاری گیراوەکان هەوڵدانێکی بێ سنوورمان کردیە،بەلام چونکە ئەوانە گرتووی شەخسین و سەر بەکەسێکن بۆیە کەس ناتوانێت دەست بخاتە ناو بابەتەکەوە، چەند کەسێکمان بۆ لای ئەوان راسپاردووە کە کەسی نزیکن لە دەسەلاتداران بەداخەوە هیچیان پێنەکرا، ئەوە جگە لەوەی چەندین خۆپیشاندانمان کردووە بۆ بەردەم پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران و بارەگای UN و چەندین شوێنی تر، بەڵام بە حوکمی ئەوەی کە چارەنووسی ئەوانە تەنها لە دەست کاک مسعود و مام جلال دایە ئەوان وەڵاممان نادەنەوە هەوڵدانی ئێمە بێ هودەیە.

**من بەبیرم نایەت باوکم کەی گیراوەو ئێستا بیبینم نایناسمەوە**

**ئاریان خورشیدی** تەمەن ١٣ ساڵ لەبارەی ونبوونی باوکیەوە ووتی:(نازانم باوکم لەکوێیە و بیرم نایەت کەی گیراوەو ئێستا بیبینم نایناسم، داواکاریم لە هەردوو حزبەکە ئەوەیە کە بەزووترین کات باوکم ئازاد بکەن و بگەڕێتەوە لامان).



هاشم عومر ناسراو بە (هاشم جیهاز) لە دایکبووی ١٩٦٠ لە شاری هەولێر هاتۆتە دونیاوەو لە ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە ریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە کردووە. لە رێکەوتی ١٩٩٦/٩/١ بێسەروشوێنە،ئەمەش دوای ئەوەی کە لەرێی کەسێکی ناسرا ولەنێو ریزەکانی پ.د.ک خۆی داوە بەدەستی پارتی دیموکراتی کوردستانەوەو خاوەنی سێ منداڵی چاوگەشی بێنازە.

لەبارەی چۆنیەتی خۆ تەسلیم کردنەوەو بێسەرو شوێنبوونیەوە.

**جگە لەوەی کە پێشوازیان لێنەکردین و هیچیان بۆ نەکردین پاسەوانانی بەردەم ئەنجومەنی وەزیران توندو تیژیەکی زۆریان بەرامبەرمان بەکار هێنا**

**بەیان خان**، خێزانی کاک هاشم ووتی:(دوا بینینی ئەو لەلایەن من و منداڵەکانەوە رۆژی ٣١ی ئاب بوو، لەبەر ئەوەی باری تەندروستی تەواو نەبوو نەیتوانی لەگەڵ هاورێکانی لە هەولێر دەربچێ بۆیە لەرێگەی کەسێکی ناسراوەوە خۆی دایە دەستی پارتی یەوەو هەر لەو کاتەوە هیچ هەواڵی نیە، هەرچەندە چەندین جار لەلایەن ئەو گیراوانەی کە ئازاد کراون هەواڵی هاتووەو بینیویانە.

هەولی زۆرمانداوە بۆ دۆزینەوەو ئازادبوونی بەلام بەداخەوە تاوەکو ئێستا تەنانەت بۆ یەک جاریش نەک نەماندیوە، بەڵکو سۆراخیشمان نەزانیوە. چەند جارێک خۆپیشاندانمان کردووە بۆ بەردەم بارەگای UN و پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران و جگە لەوەی کە پێشوازیان لێنەکردین و هیچیان بۆ نەکردین پاسەوانانی بەردەم ئەنجومەنی وەزیران توندو تیژیەکی زۆریان بەرامبەرمان بەکار هێناو خوشکەکەی هاشم لەلایەن ئەوانەوە بە قۆنداخی کلاشینکۆفەوە رووبەرووی لێدانێکی توند بوەوەو ماوەی مانگێک شوێنی لێدانەکە لەسەر دەم و چاوی دیاربوو.

دایکی کاک هاشم لەبارەی ونبوونی کوڕە گەورەی لە شەڕی ناوخۆ بە حەسرەتێکی زۆرەوە بۆمان هاتە ئاخاوتن و گووتی:(بەرپرسی یەکەم و ئاخر لە دیارنەمانی کورەکەم پارتی و یەکێتین، بەتایبەت مام جەلال و کاک مسعود) هەروەها ووتی:(کاتێ شوانێک بەرخێک ون دەکات هەر چاوی لەدوایە ئەگەر نەیدۆزێتەوە، ئێمە چۆن دەتوانین لەسەر بزربوونی پارچەیەک لە جگەرمان بێ دەنگ بین؟!) زۆرو لەشوێنی بەرزەوە هەوڵمان داوە، جگە لەو شوێنانەی کە بووکەکەم باسی کرد چوینە بارەگای مام جەلال لە دوکان لەو کاتەی کە کاک مسعودو مام جەلال لە کۆبوونەوەی رەسمیدابوون و ئێمە کۆمەڵێک خێزانی بێ سەرو شوێنان چووینە بەر دەرگای هۆڵی کۆبوونەوەکە، بەڵام کاک کۆسرەت هاتە دەرەوە، دەستی خستە سەر شانی کوڕەکەم و ووتی:(بەس ئەمجارە لەبەر خاتری من برۆن، بەڵێنتان پێدەدەم کە من لە ژووری کۆبوونەوەکەدا باسی بکەم و هەوڵی جدیتان بۆ بدەم). بەڵام تاوەکو ئێستا هیچی بۆ نەکردووین، لەبەر ئەوە بڕیارمانداوە کێشەکە بگەیەنینە دادگای فیدراڵی عیراق و لەوێوە داوای مافی خۆمان بکەین.

# زمانی دیالۆگ تەنیا رێگە چارەی ئاشتیە

رۆژین

رەوشی عێراق و ناوچەکەو بەتایبەتی شاری بەغداد بەجارێ ئاڵۆزبووە، کە زەمانەتی ئەوەناکرێ پشت بەهیچ لایەنێک و حکومەتێکی کارتۆنی ببەستیت و بتەوێت بەئاسودەیی بژیت، ئاڵۆزبوونی عێراق بەگشتی دەگەرێتەوە، بۆ ئەو سیاسەتە چەوتەی ئەمریکا کە وای دانابوو لەماوەیەکی زۆر کەمدا ئاشتی و ئارامی بۆ خەڵکی عێراق بگەرێنێتەوەو ئیتر بۆ هەتاهەتایە جارێکی تر، دیکتاتۆرێک نەتوانێ بەبێ گوێدانە هیچ یاساو مافێکی مرۆیی رەشە کوژی بکات و بەبێ تاوان پەیامی مەرگ بەگوێی خەڵکی سڤیلدا بچرپێنێ، بۆیە ئێستا دەبینین کە رەوشی عێراق رۆژ لەدوای رۆژ ئاڵۆزتر دەبێ و، نەهامەتیاکانیش بەهەمان شێوە، سیاسەتی ئەمریکا لەسەرەتاوە بەچەوتی دەستی پێکردو پێشبینی ئەوەش دەکرێ، بەر لە ئارام ئەوەش دەکرێ تاکۆتایش هەر بەچەوتی بێ هەرگیز نەتوانێ ئاشتی و ئارامی بۆ عێراق بگەرێنێتەوە خەڵکی تووشی نەهامەتی زیاتر لەئێستا بکات و خۆزگە بە رژێمی سەدام بخوازن، چونکە نەیتوانی بۆ تەنها رۆژێک بەئارامی پارێزگایەک بپارێزێ، رۆژێک ولاتیەکی سڤیل نەکوژرێ، بۆیە ئێستا ئەمریکیەکان دەیانەوێت بەهەر جۆرێک بێت سیاسەتی خۆیان لەعێراق بگۆرن و پیلانێکی تازە دەست پێبکەن، بۆ ئەوەی روو سووری خۆیان وەدەربخەن و هیچ ولاتێکی نەیاری ئەمریکا نەتوانێ، گاڵتەجاریان پێبکات و بەشکستی ئەوان خۆشبەخت بێ، بەتایبەتی ولاتی ئێران وسوریا کە ئەوانیش لەلایەن ئەمریکیەکانەوە بەتووندی هەرەشەیان لێ کراوە، پێشبینی بوونەوەی عێراق، لەلایەن ئەمریکیەکانەوە هێرش بکرێتە سەر کورە ئەتۆمیەکانی ئێران و بەجارێ رەوشی ناوچەکەو جیهان بەرەو نەهامەتیەکی تر بچێت و، ئاڵۆزیەکان زیاتر ببێت. سیاسەتی ئەمریکا تەنها لەبەر هۆیەک نەیتوانی سەرکەوتن بدەست بێنێ و ئارامی بۆ خەڵکی بگرێنێتەوە، ئەویش تەنها لەبەر ئەوەی کە هەموو مەرامێکیان پرچەککردنی خەڵکی مەدەنی بوو و لەبەرامبەر دوژمنەکانی خۆیان نەیانتوانی لەرێگەی دیالۆگەوە کێشەکان چارەسەربکەن و زمانی گفتوگۆ بەکاربێنن، ئەوان وایان دەزانی تەها بەزەبری چەک کێشەکان چارەسەر دەکرێ، چونکە ئەوان خۆیان بەزلهێزی جیهان دادەناو سڵیان لەهیچ شکستێک نەدەکردەوە، بەڵام ئێستا هەست بەو شکستە دەکەن، کە بەسەریان هاتووەو ناتوانن بەئاسانی لێی دەربازببن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا ئێران بەهەلی دەزانێ کە سیاستی خۆی بەرامبەر بە ئەمریکیەکان توندتر بکات و لەرێگەی تیرۆرەوە، هێرش و پەلامارەکانی بۆسەر ئەمریکیەکان زیاتر بکات، ئێستا ئێران بەهەموو شێوەیەک هەولی زیاتر ئاڵۆزبوونی رەوشی عێراق دەدات، بۆئەوەی ئەمریکا نەتوانێ هیچ زەفەرێک بەولاتەکەی بگەیەنێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمریکیەکان چەندین جار سیاسەتی خۆیان لەعێراق گۆری بۆ ئەوەی زاڵ ببن بەسەر کارە تیرۆریستیەکان، بەتایبەتی لەناوچە شیعە نشینەکان کە لەلایەن ئێرانەوە پر چەک کراون، دژی ئەوان دەجەنگن، بەڵام وا پێویست دەکا، ئەمریکا سیاسەتی خۆی بەشێوەیێک بگۆرێت کە دوور بێت لەزمانی هەرەشەو بەکارهێنانی چەک و تەقەمەنی، تەنیا زمانی گفتوگۆو لێک تێگەیشتن چارەسەری کێشەکان دەکاو، نەهامەتیەکانی خەڵکی عێراقیش، بەرەوە کۆتای دەروات.

# سەرۆکێن سەرسورماو سەر سورماێێن سەرۆکا!؟

فەهمی سلێڤانەی

ئەفجا ئەف بریار یاگەلەو بکا ئەو بخوە بێژن کائەو لەسەر سورمای رەفتارا سەرۆکێن مەیێن کوردە، یان سەرۆکێن مەیێن کورد سەر سورمای هەلویستێ یەکگرتووی ئیسلامی نە! ئەز نزانم بۆ ئەو زرنا یە هاتە لێدان و چ کەسەکێ داهۆ بۆ نەقوتا، پاشێئەو زرنا ژی شکاندن و دەست دانە شمشالاو ماریێ کۆبرا لبەر کەتە هەلپەرکێ! دەما ئەو بەیانا دوو قۆلی ژ سەرۆکاتیا کورد دژی یەکگرتووی ئیسلامی دەرکەتی منچەند جیرانەک ژ یەکگرتوو هەنە، ئێکسەر دەرگەهێ مالا خوە هەروێ رۆژێ گرتن و چۆببوون سەرەدانا مرۆڤێن خوە ل میسلێ! دەولەمەند یا نەتەوا مەیا کورد ژ ئالیێ پەندو چیرۆکان ڤە ئێکجار یامەزن و زۆرە، ژوان دبێژە هندەک کەس هەنە نانێ عیسای دخۆن و سلاڤا د بەنە سەر موسای! لگۆر زانینا من ئەف پەندە زۆرا دەولەمەندە ژهەمی ئالیێن خوە یێن جڤاکی و سیاسی و ئابۆری ڤە،ژ ئالیێ جڤاکی دێ بینێ کەسەکێ خێرخواز دەستێ ئالیکا رییێ بۆ مرۆڤەکێ دامای و هەژاردرێژدکە، دوێ دەمێ دە ئەو مرۆڤ پەسنا کەسەکێ دن دکەو دوعایێن خێرو خوە شێی بۆ دخوازە! بەلێ یێ کو دەستێ ئالیکاریێ بۆ درێژکری نەک تەنها ژبیرکریە، بەلکو پروپاکندا ژی دژی وی مرۆڤێ دکە، ئەفجا د قادا خوە یاشانۆگەریا سیاسی دە، ناسناما خوە یانەتەوی و وەلاتێ خوەیێ دایک دکنە پارویەکێ ئادیۆلۆجی و ژبۆی بەرژەوەندەکا ئابۆری و تەسکا حزبایەتی، ئامادەنە گەل و وەلات بفرۆشن و ڤێ ئەزمۆنێ ژدەست بدەن، کادیسان دا ئەم ڤەگەرین و رۆژێن کەڤن و نوی هاتی لاپەرێن دیرۆکێ بەرەو پاشڤە ڤەگێرن سەرڤێ رۆژەڤێ، هەروەها سەرکردەیێن مە کوردا ژنیشکەکێ ڤە چاڤێن خوە ژ خەوەکا گران ڤەکرن و دیمەنێ کەمپێن خویناوی یێن لبنان ئینانە بەرچاف، ئیرۆ ئەو سەرکردە سەرسورمابون ژهەلویستێ یەکگرتووی ئیسلامی و هێشتە چەند لایەنەک ماینە، وەکو چەکچەکویلەیێن بن کونە دیوارێن سڤانداو چەڤە رەڤا شەڤێن تارینە!؟ چاڤا لسەروان داپۆشن و ئەو وێ رێ نادەنەوە هون ژوانژی سەرسورما ببەن، چونکە نەک تەنها جهێ یەکگرتوو داگرتنە، بەلکی بۆشاتی بۆ چ ئالتەرناتیفێن دن نەهێلانە کو دگۆرەپانا کوردستانێ دە لایەنەک دن وێ بۆشاتیی داگرت و بشێوەیەکێ شارستانی بهێتە سەر شانۆیا سیاسی و ئاکتیف بێ، کو ئەوێ تەوازنا ئایدیۆلۆجی یا نەتەوی و ئیسلامی راگرن، یان بهتر دئالیێ نەتەوی دە داکێشن، سەربۆر دوی واری دا زۆرن بتایبەت شۆرە شێن مەیێن یەک لدیف یەکێ، یاگەرناسە دناف لاپەرێن دیرۆکا کوردەواریدا کوشۆ رەشێن مەیێن کوردستانی، ئەو ئیرادە نەبوون وەکو فورسێ یان چەند نەتەوەیێن دن دۆزا نەتەوا خوە یاکورد بەرزتربکەن ژدۆزا ئایدیۆلۆجیا ئیسلامی و هەردەم پەنا بۆ وان لایەیێن ئیسلامی دبرن، لەورا ئەم تائیرۆ دبن ژانا وان بۆچۆنێن کالسیک و گەنێ دا دنالین، سەربۆرێن دیرۆکێ دڤێ واری دە زۆرن، کادا ئەم خوە دناف لاپەرێن دوهی و ئەڤرۆدا بەردین وچەند راستی یەکا بیننە زمان، ئەوژی زۆر پرسیارو بەرسف بشێوەیەک دینامیکی لسەر تیتەدان، دەما شۆرەش گەرم و بەرخوەدان لهەر لایەکێ دژی مەسترین دکتاتۆرێ جیهانێ دەست پێکری، ئەف پارت و لایەنێن ئیسلامیا سیاسی یا کوردستانی لکویڤەبون؟ یان دناڤبەرا دوو مێژیلانکێن چاڤان دە ئەف دەستکەفتێن هندە مەزن، ئەو چ ئاشقێن مرۆڤاتیێ نەبگشتی یان کوردان بتایبەتی دەستێ ئالیکاریێ بڤی رەنگێ مەردانە بۆ درێژبکەن؟ دچ وەلاتی دە پارتێن ئیسلامی چ میانرەو بێ و چ توندرەو بسیستەمێ علمانی رازیبوینەن، ئەگەر ژدەستابێ دێ مال و ژنێن وانژی لخوە حەلال کەن ئەگەرهات و گەهانە تەختێ فەرمانێ جهێ سەر سورمایا هەر کوردەکێ هەستێ نەتەوی هەبێ ئەوە کوبێژن، ئەرێ گەلۆ چەند جارا چینا هەژارو رەوشەنبیرێن شۆرەشگەرە کورد پەروەر سەرکردەیێن کورد ژبەر ئەگەرا فرەهبو ناگروپ و لایەنێن ئیسلامی و مەترسیاوان ئاگادارکرن، ئەرێ راستوان ئاگا لوێ پیلانێ نەبووە کا دگۆنگرێ قاهیرەدا چەند لایەنێن دوژمنێن تەڤایا نەتەوا مەیەکورد ئا،ادەنە و بهیچ مافەکێ رازی نابن بۆڤی گەلی، ئەفجا چاوادێ بفیدرالی یان مادێ ١٤٠ رازیبن! بۆچ وێ دەمێ سەرکردەیێن مە سەرسورمانەدبون؟ ئەز دبێژم هێشتە سەرسورمایەک مەستریا تاکو هێزا ئیسلامی بەر فراوانتر ببەو، یان هێزا یەکگرتوو دژی دبن فشارا هەردو هێزاندە بکەڤێ سەروی هێزێ، چونکە وان دۆزەک ستراتیج هەیە بەرامبەری دوژمنێ خوە، پاشێ نەک تەنها دێ وان سەرسورماکەن، بەلکی مەندە هۆش و بێ سەودا کەن و تازە شۆرەشەک دن دناف وێ شۆرەشی دە دێ و ڤێ دەستکەفتێ هەمیێ ژدەست دەن!؟ ئەم باش هزرو بۆچۆنێن ئیسلامیا دناسین کاچەند دوژمنێن کەلتورو شارستانیا نەتەوا کوردن، شەرێ وان بەرامبەری زمانێ دایک و ئالاو سرودو نەورۆزێ و چەند هەلکەفتنێن دن یێن نەتەوی یێن پیرۆز زۆرا رۆنە، ئەڤە هەمی دیاردەیەکا بەرچاڤەو کەسەک نەشێت ئینکاربکەت، ئەو سەنگەرێ ئیسلامی خوەتێدا دبینن دژی تەڤایە بەرژەوەندەیێن گەلێ مەیێ کوردە، یان بۆچ ئەوە دەولەتێن عەرەبی و ئیسلامی بێدەنگ مابوون بەرامبەری هەمی کارەساتێن سەدامی گۆر بەگۆر؟! یانژی هەمی ئەو دەولەتانە دهەلدا دوژمنێن مەبون، ئەز دوێ باوەرێدامە هەر ئادیۆلۆجیەک هەبێ ژدەر رڤەی وەلاتێ مەبهێت ترسناکتر نایێ ژئایدیۆلۆجیا ئیسلاما سیاسی، ئیرۆ وان سەرکردا بڤێت یەڤ هەردو حزبێن ئیسلامی دگەل واندە شریکێن حوکومرانیێ نە، دەرخستنا وان ژبەر پەرلەمان و حکومەتا کابینا پێنجێ، دی گەلەک لسەروان راوەستت، ئیرۆ مە بڤێت و نەڤێت یەکگرتوو خوە کەهان ناف مالێن خێزانێن شەهیداو ناف رێزێن زانکۆیاو سەرێن کچێن کورد داپۆشان، ئەم هەمی دزانن بەرفرە هبونا ڤان هێزێن ئیسلامی تاوانەکا راستەوخۆیا هەردوو یزێن. دەستهەلاتە، ئەڤەژی گرێدای گەندەلی و خوە تێرکرن ژهەمی ئالیانڤە و برسیبونا گەلێ مە ئەوژی ژهەمی ئالانڤە، چ برسیبونا ئازفتنێ یان دەربرینێ، چ برسیبونا زکی، راستە ئەگەرنان نەبێ ئازادیژی نابێ و بەلکێ هەردوو بێ یەک ژیان نابێ، پەراوێزکرنا چەند حزبەکێن علمانی و رێگرتن بەرامبەری تەڤگەراوان بویە ئەگەرێ گەشکرنا رەوتی ئیسلامی، دیارە هەردوو هێزێن سەرەکی بهتر ژهێزێن علمانی دترسان، نەک ئیسلامی! ئەڤەژی ژبەر وی پارویێ کو بکەنە ددەڤێ وان حزبان دە، چونکە وی پارو ژدەڤێ خوە تیننە دەرێ و ددەنەوان، بەلێ ئیسلامی وی پارو ژدەڤێ وان دەرنائیخن، بەلکی پارویەکێ زێدەتر ژ خەلیجێ تینن و لسەر پارویێ وان زیتەتردکەن! بەلێ ئەونزانن کرۆژەک دهێت ئەو پارویە ببەتە پیلان ژبۆی نافبنا وان، هەروەک و من زۆرجارا گۆتی و دێ دوبارەکەم، هەردوو هێزێن حوکمران بەرپرسیارن بەرامبەری هەر رویدانەکا هەبێ دژیگەلێ مە، چ پۆزەتیف بێ و چ نیگەتیف، ئەفجا بلا ئەم وێ رێکێ نەدەینە دوژمنێ خوە بزانت بۆشاتیەک دناڤبەرا مەدا هەیەو یافەرە ئەم بخوە چ بۆشاتیێ دناڤبەرا خوەدا نەهێلن و دەستێ خوە بسەرێ یەکدا بینن و روڤیێ خوە نەدەینە بشێرێ دوژمنا.